www.kurdistannet.org
30-9-2006 22:49 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# کاک (تۆژەڵە شارباژێڕی) شەوانە قسەکانی ژوری چەپی سەربەخۆ دەنوسێتەوەو دوای بە ناوی خۆیەوە بڵاوی دەکاتەوە!!! ئەحمەد تازەدێیی

سوید



گەر بابەتەکانی بە ناو بابەتی کاك (تۆژەڵە شارباژێری)، تان خوێندبێتەوە و شەوانە سەردانی ژوری چەپی سەربەخۆتان کردبێ، ئەوسا تێدەگەن کە ناو نیشانی ئەم نوسینەی من لە ڕاستییەوە نزیکەو بوختانی تیا نییە، وە ئەگەر بە ئەرشیقی بڵاوکراوەکانی ئەم برادەرە بڕۆینەوە کە لە سایتەکاندا چەند نوسینێکی بۆ بڵاوکراوەتەوە، یان خۆیان لە ماڵپەڕی (ڕوخساری پیسی ئیسلام) دا بڵاوی دەکەنەوە، دیسان بۆمان دەردەکەوێت هیچ داهێنان و هونەرێك لە نوسینەکانیدا دەرناکەوێت و ناتوانرێت بەم شێوەیە خزمەت بە کۆمەڵگای کوردەواری خۆمان بکەرێت و ئەو کۆتو زنجیرەی کە پێوەندە بووە پێوەوە لە دەست و پێ بکرێتەوە.

من دڵنیام ئێوە فڕتان بە (چەپ) ەوە نییە و چەپو کۆمۆنیستی ڕاستەقینەش لە گەڵ ئێوەدا دوو تەیاری دژ بەیەکن، چوون بە ڕاستی فکرەی هیچ کەسێکی ڕۆشنبیر، لە گەڵ ئەم فکرەو ئایدۆلۆژیایەی جەنابتان کە لە هیچ گۆیەکی  سەر ڕووی ئەم زەمینەدا نییەو یەك ناگرێتەوەو ئێوە بە هاوەڵی خۆیان نازانن، وە دڵنیاش بە وەك چۆن هەندێك تەیاری توندڕەوی ئیسلامی، (ئیسلام) لە بەرچاوی خەڵکی ناشرین دەکەن، ئێوەش هەمان مەبەستان هەیە و هەمان مەبەستیش دەپێکن.

دەزانم بە هۆی ئەم چەند دێڕەوە کە دەینوسم، هێرشێکی ناڕەوا دەکەیتە سەر چەپ، کۆمۆنیست، ئیسلام، و خۆت بە کوردێکی دڵسۆز بە کوردستان دەزانی و بە ناویکی خوازراوەوە (تۆژەڵە) خۆتمان لێدەکەی بە کوڕە پارتیزانەکانی هەشتاکان، وەلێ وانییە، گەر وابێ بۆچی شەوانە هەزارو یەك جنێو بە هەردوو بەڕێزان سەرۆك هەرێمی کوردستان، و سەرۆك کۆماری عێراق، و حزبە کوردییەکان ئەدرێت لە ژورەکەتاندا.

به بیرم دێ ماوەیەك پێش ئەوەی (مام جەلال) ببێتە سەرۆك کۆماری عێراق، سەیری لیستی ژوورەکەتانم کرد، واتا (ژووری چەپی سەربەخۆ) نزیکەی سەدو پەنجا کەسی لێبو، منیش لە دڵی خۆمدا ووتم لەوەیە کەسێکی ناودار کۆڕی هەبێ، یان ئەم شەو بابەتێکی بەنرخ پێشکەش دەکەن، بۆیە منیش بە کلیکێك خۆم با ژورەکەدا کرد، ئای کە چیم بینی لەم ژوورە بە ناو ْچەپەدا، !!! ئەندامانی ژووری تڕو تس و شەڕە جنێو هەموو شاڵاویان هێنابوو بۆ ژوورەکە، بەڕێوەبەری ژوورەکەش (فول) سەرخۆش بوو بەدەم پێك هەڵدانەوە هاواری دەکرد، هۆ جەماعەتی ژووری شەڕە جنێو، ئەوەی دەیەوێ قسەبکات سەرەتا دەبێ سێ دەقە جنێو بە ژنەکەی (تاڵەبانی)، و ژنەکەی (بەرزانی)، بدا بەم شێوەیە (... )، ئەگینا بۆیی نییە میك وەرگرێ و هەروا بەسوری دەمێنێتەوە، بەڵام ئەوان کە (میك) یان پێ دەدرا بە پێچەوانەوە جنێوەکانیان بە بەڕێوبەری ژوورەکە دەدایەوە، جا بۆیە هەر لەو شەوەوە بەڕێوبەری ژوورەکەم بۆ دەرکەوت کە ڕادەی ڕۆشنبیری زۆر لە ئاستی نزمدایە و ئەندامانی ژوورەکەو کاك تۆژەڵەًش بەم شێوەیە ناتوانن ببن بە پردی بنیاتنەری کۆمەڵگاکەمان